# بەردەوام بوونی گیرانەکان لە مەریوان*

## ( را پۆرتێك لە رووداوەکانی شاری مەریوان )

**دیاکۆ، لە مەریوانەوە**

هەروەك دەزانن رۆژی دوو شەممە و دوابەدوای راگەیاندنی یاسای بنەڕەتیی ئێراق خەڵکی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رژانە نێو شەقامەکان و ئەم دەسکەوتەیان پیرۆز کرد. خەڵك لە دواساتەکانی ڕێپێوانە بەشکۆکەیاندا پەیکەرەی حسەینی فەهمیدەیان لە مەیدانی شەبڕەنگدا کێشایە خوارێ و کارێکیان کرد کە دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا وێنەی نەبووە. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە هاوکات لەگەڵ شاردا دانیشتوانی گوندەکانی بەری زرێباریش کەوتنە خۆ و بە رێخستنی کاروانی ئۆتۆمبیل و گەڕان بە هەموو ئاواییەکانی ئەو دەڤەرەدا ئەم بۆنەیان بەرز نرخاند، بەتایبەت لە گوندی "نێ" کە وێڕای دانانی ئۆرگ (سایزەر) و هەڵپەڕکێ، خەڵکی بە بەرز کردنەوەی دروشمی نەتەوەیی جۆراوجۆر ئاڵای کوردستانیشیان هەڵکردوە.

هێزەکانی رژیم کە تا ئەوکاتە نەیاندەوێرا قەرەی خەڵك بکەون، لە دوای روخاندنی پەیکەرەکە دەستیان کرد بە پەلاماردان و هەرکەسیان بەرپەل بکەوتایەت دەستگیریان دەکرد و یەکسەر رەوانەی زیندان دەکرا. تا ئێستا کە دوو رۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە نزیکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ کەس گیراون کە چەند نووسەر و رۆشنبیرێکیشیان تێدایە. ئەو گیرانانە تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامە و هەر ئەمڕۆ جیا لە هێزەکانی خودی مەریوان چوار ئۆتوبووس هێزی نیزامیی تایبەت لە دەرەوەی شارەوە هێنراونەتە مەریوان و لە شوێنە گشتییەکاندا دانراون. هەروەها حەوت دادوەری دادگایش لە تارانەوە بە مەبەستی دادگاییکردنی گیراوەکان بانگهێشتی مەریوان کراون. جاش و خۆفرۆشەکانیش شەو و رۆژ پاسەوانیی سەرکردە خوێنڕێژەکانیان دەکەن و بەنێو شاردا دەگەڕێن و دەستنیشانکردن و ناساندنی بەشدار بووان لە ڕێپێوانەکانیان پێ سپێردراوە. تەلەفۆنەکان کۆنترۆڵ دەکرێن و لە هەر کەسێك بەگومان بن ریزبەندی ئەو ژمارانەی وا پێوەندیی لەگەڵ کردوون یان پێوەندییان لەگەڵ کردووە لە دایەرەی تەلەفۆن "مخابرات" وەرئەگرێت. شار بە تەواوەتی حاڵەتی حکوومەتی نیزامیی هەیە و بەردەم هەموو کۆڵان و شەقامەکان هێزی نیزامیی تێدایە، بەتایبەت لە شەودا کەس ناوێرێت بەنێو شاردا بگەڕێت. مەزەندە دەکرێت حکوومەتی نیزامی تا دوای نەورۆز بەردەوام بێت. رۆژی شێ شەممەش کۆبوونەوەی (شورای تامین امنیت)ی پارێزگای کوردستان لە سنە بەرێوە چووە و ئامادەباشی تەواو بە هەموو دایەرە و ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی هەموو شارەکانی ئەو پارێزگایە تا دوای نەورۆز دراوە.

رۆژی دوای رێپێوانەکەیش تەحەسونتی گشتیی مامۆستایانی قوتابخانەکان بوو بۆ داواکردنی مافە سینفییەکانی خۆیان کە ئەم رووداوەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و لە هەر هەموو مامۆستایانی مەریوان تەنیا چوار کەس بەشدارییان تێدا نەکرد. پێبەپێی مامۆستایان خوێندکارەکانیش پشتیوانیان لە مامۆستاکانیان کرد و رەسمەکانی خومەینی و خامنەییان دڕاند و لە حەوشەی مەدرەسەکاندا دەستیان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێ. هەندێ لە هێزەکانی رژیم رژانە نێو ئەو قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستایان و قوتابییاندا تێگیران بە مەبەستی تێکدانی جووڵانەوەکە، بەڵام تەحەسونەکە بە سەرکەوتنی تەواوەوە بەرێوە چوو.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ژمارەیەکی ٢٠ کەسی لە گیراوان رەوانەی زیندانەکانی سنە کراون و هیچ زانیارییەك لە چارەنووسیان لە بەردەستدا نییە.

* ئەم راپۆرتە راستەوخۆ لە مەریوانەوە لە لایان کاك دیاکۆ نێردراوە، کە دەقەی وەك خۆی بڵاوکراوەتەوە.

www.kurdistannet.org